# کورتەیەک دەربارەی ڕەخنەی نوێی ئەنگلۆئەمریکایی

نێچیروان جاسم

**پێشەکی**

ڕەخنەی ئەدەبی وەک سەرجەم بوارەکانی تری ڕۆشنبیری و مەعریفی بەدرێژایی مێژوو لە بەرەو پێشچوون و گەشەکردندا بووە و بە تێپەڕبوونی کات، زیاتر بەرەو پێش هەنگاوی ناوە. بەرەو پێشچوونی ڕەخنەی ئەدەبی لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر و لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر، زادەی کۆمەڵێک گۆڕانکارییە، وەک گۆڕانکاریی ئەدەبی، ڕۆشنبیری، هزری، هونەری...تاد، کە دواجار ڕەنگدانەوەی بەسەر بواری ڕەخنە دەبێت و بەرەو پێش دەچێت.

لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، بەتایبەتیش لە سالانی سی و چلەکاندا ڕەخنەی ئەدەبی گەشەکردن و بەرەوپێشچوونێکی زیاتر و بەرچاوی بەخۆوە بینی، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بزووتنەوەیەکی ڕەخنەیی بەناوی ڕەخنەی نوێ بێتە کایەوە. بێ گومان ئەم ڕەوتە نوێیەی ڕەخنە لە ئەنجامی چەند هۆکارێک سەری هەڵداوە و کۆمەڵێک لە ڕەخنەگرانی بەناوبانگ ڕۆڵیان تێدا بینیوە. لە ئاکامدا ڕەخنەی نوێ پانتاییەکی فراوانی لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی داگیرکردووە و بووەتە جێی باس و گفتوگۆ و توێژینەوەی ڕەخنەگرانە و وەک باسێکی گرنگی ڕەخنەی ئەدەبی لێیان ڕوانیوە.

**چەمک و سەرهەڵدانی ڕەخنەی نوێی ئەنگلۆئەمریکایی**

ئەم ئاراستەیە لە ڕەخنەی نوێدا وەک بزووتنەوەیەکی ڕەخنەیی «لەپاش ئاوابوونی بەرنامەی فۆرمالیستی هاتە کایەوە و سەنتەرەکەی لە زانکۆکانی ئەمریکا، بەتایبەتی ئەمریکای خواروو بوو» (١). ئەم بزووتنەوە ڕەخنەییە

کـۆمـەڵێک ڕەخنەگـری بەتوانست و بەناوبانگ ڕۆڵی مـەزنیـان تێدا بینی، کـە دیارترینیـان ئەمـانەن: کلینس برۆکس، ڕۆبەرت پنوارن، جـان کـرۆ ڕانسـۆم و مـیـریل مـۆر...تاد بوون (٢). جگە لەم ڕەخنەگـرانە، کـۆمـەڵە کەسانێکی تریش هاوبەشییـان لەم بزووتنەوە ڕەخنەییەدا کردووە، کە سەر بە قوتابخانەی شیکاریی زمان بوون لە ئینگلتـەرا. لەوانە: ڕیچـاردز و ئەمـپـسـتـۆنی قـوتـابی ڕیچاردز، بەڵام ئەمانە لەگەڵ ڕەخنەگرانی تردا جیاوازی بیـروڕا لە نێـوانیـاندا هەبـوو، ئەویش بەتایبـەتی لەڕووی ئەوەی لە وەرگرتنی هەڵوێستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیـریدا لەیەکـتر جودا بوون، ئارەزووی ڕەخنەی نوێ لە پارێزگاری و وەسـتـان دژ بە مـاتریالی پیشـەسازی و مارکسیزم و ڕەوشگەریی لۆژیکی ئەدەبیدا (٣).

هەر سەبارەت بە مـێـژووی سـەرهەڵدان و هاتنەکـایەی ئەم ڕەوتە نوێیە لە ڕەخنەی جیـهـانیدا باس لەوە دەکرێت «ڕەخنەی نوێ لە سـەرەتای سییـەکانەوە تا شەسـتەکان دەستی بەسەر ڕەخنەی ئەدەبی ئەمریکاییدا گرتبوو» (٤). لەبارەی بەکـارهێنانی چەمکی ڕەخنەی نـوێ باسی ئەوە دەکرێت بۆ یەکـەم جـار «ڕەخنەگـر جـۆل سـپـینگارن لە کـتـێـبـەکـەیدا سـاڵی (١٩١١) چەمکی ڕەخنەی نـوێی بەکـارهێناوە» (٥)، بەڵام زۆربەی ئەوانەی تـوێژینەوەیان لەبارەی ڕەخنەی نـوێ کـردووە، ئامـاژە بەوە دەکـەن، بڵاوبوونەوەی کـتـێـبی (ڕەخنەی نوێ) ی (جـان کـرۆ ڕانسۆم) لە سـاڵی (١٩٤١) بووە هۆی چەسپـاندنی ئەم زاراوەیە لە بواری تیـوری و پـراکـتـیـکی لە ڕەخنەی ئەمریکی تا دوای ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابوردوو (٦).ئەم کـتـێـبـەی (ڕانسۆم) لە چوار وتاری ڕەخنەیی گـرنگ پێکهـاتووە و پاش بڵاوبوونەوەی، تێـروانینی ڕەخنەیی گـۆڕی و زاراوەی ڕەخنەی نوێ لێـیـەوە کـەوتە سـەرزاران و لە تـوێژینەوەی ڕەخنەگـران جـێـگەی خـۆی کردەوە.

دەربارەی سەرهەڵدانی ئەم ئاراستە ڕەخنەییە پێویستە ئامـاژە بۆ ئەو ڕەخنەگـر و نووسـەرانە بکەین کـە بیـروڕاکـانیـان وەک شـۆڕشـێک بوو دژی ڕۆمـانسـیـزم و بوونە پاشخـانی فـیکری و مـەعریفی بۆ هاتنە کـایەوەی ڕەخنەی نوێ. یەکـێـک لە ئەو ئەدیبـانـە (مـاتیـو ئارنۆڵد)ـە، کـە بـووە هۆی جـێـگیـربوونی بەهای بابەتی چەمکی ڕەخنە و شـیـعر، هەروەها بیـروڕای کـۆمـەڵێک نووسەر و شاعیری فەرەنسایی لەوانە: بۆدلێر، مالارمێ، ڤـێـرلین...تاد ڕۆڵیـان هەبـووە. جگە لەوانە بیـرمـەند و نووسەری ئیتاڵی (بندیتۆ کرۆچە) کە نووسەرێکی دیاری ئیستێتیکا و خاوەنی تیوری دەربڕینخوازییە، هونەری بە بێ وێنە دادەنا، پێـشـی وا بوو هەرچی لە دەرەوەی دەق بێت وەک مـێژوو، دەروونناسی، کۆمەڵناسی و ژیاننامە و...تاد، پێوەندی بە دەقەوە نییە(٧)، ئەمەش خۆی لە خۆیدا گەرانەوەیە بۆ دەق و بایەخدانی زیاتر پێی.

لە هۆکـارەکـانی سـەرهەڵدانی ڕەخنەی نوێ، دەکـرێت ئاماژە بۆ ئەم خاڵانە بکەین:

١- سـەرهەڵدانی تیـورە نـوێیـەکانی زمان، بەتایبـەتی بیـروڕاکـانی زمـانەوانی سـویسـرایی (فـێـردیناند دی سۆسێر) لەم بوارەدا ڕۆڵی خۆی دیوە.

٢- لە ڕەخنەی کـــۆندا بایەخی زۆر بە ئایدیۆلۆژیا دراوە.

٣-گـرنگیـدانی مـیـتـودە کـۆنەکـانی ڕەخنە بە ئەو لایەنانەی دەوری دەقی ئەدەبیـــان داوە و بایەخ نەدانی ئەوتۆ بە خودی دەقەکە.

## گرنگترین بنەما ڕەخنەییەکانی ڕەخنەی نوێی ئەنگلۆئەمریکایی

بێ گومـان ڕەخنەی نوێ کۆمـەڵێک بنەمای تایبەت بە خۆی هەبووە کـە هەر لە سـەرەتای هاتنە کـایەوەی پێی ناسـراوەتەوە و ئەم بنچـینانەش ڕێسـا و چوارچێـوە و چۆنیەتی کارکردنی بزووتنەوە ڕەخنەییەکە دیاری دەکەن، لەوانە:

١-بایەخـدان بە لایەنی جـوانی و بنیـادی هونەری: ڕەخنەی نوێ لە بیـروڕا و بۆچوونەکـانی لەبارەی کـاری ڕەخنەییـەوە پشت بە «فـەلسـەفـەی ئایدیالی و جـوانی دەبەستـێت، بەتایبـەتی لە دیاریکردنی بەهای هونەریدا، جـەخت لەسـەر لایەنی هونەریی بەرهەمی ئەدەبی لە دارشتن و بنیـادی هونەری دەکـاتەوە» (٨)، بۆیە ڕەخنەی نوێ لە دەستنیشـانکردنی بەرهەمی ئەدەبی، گـرنگی بە لایەنی شـێـواز و بنیـادی هونەریی بەرهەمی ئەدەبی دەدات.

٢-لێکدانەوەی تێـروتەسـەل و خـوێندنەوەی قـووڵ: ڕەخنەی نوێ «توێژینەوە و ڕاڤەکردنێکی وردی کردووە بۆ کارلێکردنەکانی ئاڵۆزی و فرەواتایی لە کارامەیی لەناو

بەرهەمدا»(٩). دیارە ئەم بنەمایەش لە کتێبی (ڕەخنەی پراکتیکی) ی (ڕیچاردز) و (حەوت جۆری لێڵی)ی (ویلیام ئیمپستۆن)دا خراوەتەڕوو.

٣-لەبارەی زمانەوە: ڕەخنەگرانی ڕەخنەی نوێ جیاوازی دەخەنە نێوان زمانی ئاسایی، واتە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە و زمانی تێکستی ئەدەبی. پێیان وایە کاتێک تێکستێکی ئاسایی وەردەگیرێت، پێویستە زمانی ئەو تێکستە زمانێکی هەواڵدان و ڕاپۆرتئامێز بێت، بەڵام زمانی تێکستی ئەدەبی زمانێکی تەمومژاوی و پڕ تەنگوچەڵەمەیە(١٠)، دیارە ئەمەش لەبەر ئەوەی زمانی تێکستی ئەدەبی چەندان دەربڕین و گوزارشتی خوازە و درکە و خواستن و هونەرەکانی تری ڕەوانبێژی تێدا بەکاردێت و ئەم جۆرە زمانەش پێویستی بە شیکردنەوە و ڕاڤەکردن هەیە.

٤-جەختکردنەوە لەسەر خودی دەق: ڕەخنەی نوێ جەخت لەسەر دابڕینی دەق دەکاتەوە لەو هۆکارانەی دەوری ئەدەبیان داوە وەک: ڕەهەندی مێژوویی، کۆمەڵایەتی، دەروونی و بایۆگرافیا...تاد، کە لە ڕەخنەی کۆن و تەقلیدیدا بایەخی پێ دراوە، تەنانەت ڕەخنەی نوێ «دژایەتی ئایدیۆلۆژیا دەکات و داوا دەکات لێی ڕزگار بێت»(١١).

## ئەنجام

١-ڕەخنەی نوێی ئەنگلۆئەمریکایی دوای فۆرمالیستی ڕووسی لە ساڵانی سی و چلەکانی سەدەی ڕابوردوو لە زانکۆکانی ئەمریکای باشوور سەری هەڵداوە و کۆمەڵێک ڕەخنەگر ڕۆڵیان تێدا بینیوە.

٢-ئەم ئاراستە ڕەخنەییە بایەخی شایستەی بە خودی دەق داوە و داوای دوورخستنەوەی ئایدیۆلۆژیای لە کاری ڕەخنەیی کردووە.

٣-گرنگیدانی زۆر بە خوێندنەوەی قووڵ و لێکدانەوەی چڕوپڕی دەقی ئەدەبی.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**


**١- د.کەمال مەعروف، تیورە نوێییەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، چاپخانەی لەریا، سلێمانی، ٢٠١٢، لا٦٦.**

**٢- د. بەسام قطوس، دەروازەیەک بۆ میتودەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، و: د. محەمەد تاتانی، چاپخانەی شڤان، ٢٠١١، لا١١٥.**

**٣- د.کەمال مەعروف، تیورە نوێییەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، لا٦٦.**

**٤- چارلز بریسلێز، ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی، و: عەبدولخالق یەعقووبی، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، ٢٠٠٧، لا٨٤.**

**٥- د.کەمال مەعروف، تیورە نوێییەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، لا٦٦.**

**٦ -M.H ئەبرامز، تیورە مۆدێرەکانی ئەدەب و ڕەخنە، و: عوسمان ئەحمەد، چاپخانەی ژیر، سلێمانی، ٢٠٠٩، لا٨٢.**

**٧-د. بەسام قطوس، دەروازەیەک بۆ میتودەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، لا١١٧.**

**٨- د.کەمال مەعروف، تیورە نوێییەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، لا٦٨.**

**٩- M.H ئەبرامز، تیورە مۆدێرنەکانی ئەدەب و ڕەخنە، لا٨٤.**

**١٠- د. عبدی حجی، چەند تیورەکێن ڕەخنا ئەدەبی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٨، لا٨٠.**

**١١- ولید قصاب، مناهج النقد الادبي الحديث، رؤية اسلامية، مطبعة دار الفكر، دمشق، ٢٠٠٧، ص٨٢.**